www.kurdistannet.org 17-1-2003

# روونکردنەویەکی زۆر ناچارانە

بۆ هەموو هێز و لایەنە کوردی و کوردستانییەکان و جەماوەری بە نامووسی کورد

سەبارەت بە بەجێهێشتنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

ئێمەی ئیمزاکەرانی ئەم بلاوکرایەوەیە بە هەموو نەتەوەییەکانی کورد و وولاتپارێزەرانی گەلەکەمانی رادەگەیەنین لە پێش سێ مانگ لە بەرواری ئەم بلاوکراوەیە و لەمەو دواش ، هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان بە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە نەماوە و نامێنێت و بە سەنگەری خۆمانی نازانین و لەو کۆنگرەیە بێبەرین . ئەم خۆ بێبەریکردنەش دەگەرێتەوە بۆ سەربەستی و ئازادی بیروباوەرمان کەبیری نەتەوەیی کوردییە و جێگا بوونەوەی ئەو بیروباوەرە یان جێگا نەبوونەوەی لە هەر سەنگەرێکدا هەڵیبژێرین ، ئەمەش مافێکی حاشا لێنەکراوی هەڵگرانی ئەو بیرەیە ، ئێمەش لەسەر ئەو زەمینەیە پێمان توند دەکەین و ( لەگەڵ رێزماندا بۆ ئەو چوار پێنج ئەندامەی بۆمان روونکردوونەتەوە ) هەرچی زووترە بێ دوو دڵی بەجێیان دیڵین ، هەروەها لەسەر راویژی مامۆستای خۆشەویستمان د . جەمال نەبەز کە لە وەڵامی نامەیەکی دوور و درێژماندا فەرموویەتی پێمان ." هەر کەسێک سەر بەم بیروباوەرە بێت شووشەی ئەو بیرە فرێ ناداتە سەر زەوی چونکە خۆتان دەزانن کە شووشە شکا جارێکی دی ئەگەر پێکەوە بلکێتەوە نابێتە شووشەکەی پێشوو " . جا لەسەر ئەو راویژەی بەرێزی ئێمەش ئەو شووشەیە وەک خۆی جێ دەهێڵین و لێ ی دوور دەکەوینەوە بۆ ئەوەی کاتێک دەشکێت پارچەکانی نەچێت بە ئێمەدا . هەرچەند بەرێزی لە هەمان نامەدا دەفەرموویت . " رۆڵی من لە کۆنگرەدا لێپرسراوی نیە بەڵکو رۆڵێکی پێشنیازانە و راوێژکارانەیە " . ئەمەش هاندەرێکی بە گورِ بوو هەنگاوەکانی بە گورترکردین بۆ دوورکەوتنەوە ، چونکە ئێمە پێش دوو ساڵ کاتێ رووماکردە کۆنگرە وا حاڵی بوو بووین کە مامۆستامان د . جەمال نەبەز بیردۆز و لێپرسراوێکی سەرەکی کۆنگرەی ناوبراوە . جا کە بەرێزیان بەو شێوازە روونیان کردۆتەوە ، ئەوە مایەی خۆشبەختی یە بۆ ئێمە و ئێمەش وا ئەزانین ئەم دوو ساڵە خەنجەرمان لە کا داوە و سەپانی پووشمان کردووە . جا کە دەڵێین سەپانی پووش دەبێت روونی بکەینەوە بۆ ؟!!.

بەڵام بۆ سەلامەتی شووشەکە وامان بە چاک زانیوە بەردێکی لەسەر دابنێین و < لێرەدا > نقەمان لێوە نەیەت . کە دەڵێین لێرەدا ، نەبا لە داهاتوودا ناچارمان بکەن بکەوینە کێلانی وردوشۆی رەقەن و بێبەر و ئیتر ئەو کاتە هەرچی بادا باد .

ئێمە وا لە خۆمان رادەپەرموویین و ئەو جۆرە قاڵبوونەمان لە فەلسەفەی بیری نەتەوەیی کوردیدا وای گۆش کردووین کە ئاگامان **لە** خشەی مار و مێروو بێت .

وا لێرەدا لەمەڕ بابەتی جێشتنی کۆنگرەی ناوبراو بە زیادی دەکەین و ئەوەی لە خوارەوە ئەیخوێننەوە هیچ پەیوەندیەکی بە کۆنگرەوە نیە ، تەنها هەستی **ماخۆلان** گرتوومانە وەک هەموو نەتەوەییەکی دڵسۆز بۆ چارەسەری دۆزەکەی . بێگومان کێشەی ئەمرۆی **نەتەوەکەمان** کێشەیەکی بە یەکاچووی ئاڵۆزکاوە **و** فرە کوێخایی ئەو

www.kurdistannet.org 17-1-2003

کێشەیە ئاڵۆزتر دەکات و سەری گلۆڵەکەش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لە چەقدا خۆی مەلاس دەکات و خاووبوونەوەی دژوارتر دەبێت ، ئەگەر ئاوا بڕوات هەر هیچ نەبێت بۆ نەوەی ئەمرۆمان نارەوێتەوە و دەبینە نیشان بۆ هاوێشتنی تانە و تەشەری نەوەی داهاتووتر و دیارە بافتی ئەو تانە و تەشەرەش دەبین . ئەو دابڕانەی ئەمڕۆ کورد بەخۆیەوە دەیبینێت نەک لە مێژووی خۆیدا بەڵکو لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا لە وێنە و کێشی نیە . تەنانەت ئەگەر لەگەڵ سەردەمەکەی ( خانی ) مەزنیشدا بەراوردی بکەین .

هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە نەتەوەیی کورد و رۆشنبیرانی هەستیان بەم مەترسییە گەورەیەی ئەمڕۆی کورد کردبوو . لەو کاتەوە شێلگیرانە داوای سەرکردایەتیەکی نەتەوەیی بۆ کورد دەدەن بە گوێی نەتەوەکەماندا لە سەرانسەری کوردستاندا . سەرکردایەتیەک لە پیاوانی مەردی بێ خەوش و لەکە . رێزی قسەیان بگیرێت و قسەیان بخواتوو نەدرێتە دواوە و رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی جەماوەر بن و بڕیار و ویستی جەماوەری تێدا پیادە بکرێت و لە بڕیارەکانیاندا توێژ بگرێت و چلوورە ببەستێت ، نەتەوەییانە تاوتوێ بکات و لەسەر رێوشوێنی ئەو بڕوات بەڕێوە . ئێمە پێمان وایە و باوەڕی نەگۆڕیشمان بەوەیە هەموو کارێکی نەتەوەیی دەبێت زادەی سەرکردایەتیەکی نەتەوەیی بێت و بە پێ ی ستانداردی ئەو بیر و فەلسەفەیە پیادە بکرێت . سەرکردایەتیەک هەر هیچ نەبێت بۆ ئەمڕۆی کورد دەبێت بەو جۆرە بن ، چونکە ئەوەی لە کوردستاندا نەتەوەییانە هەڵسوکەوتی نەکردبێت و ئامادەی ئەوە نەبووبێت خوێنی خۆی بخاتە پێناوی نەتەوە و باوەرەکەیەوە ، ئێستاش لە هەندەران ئامادەی ئەوە نابێت ئارەق برێژێ و بیخاتە ئەو پێناوەوە . ئەگەر وا نەبێت دوژمنەکانمان ئەمەندە بێدەسەڵات و دەستەپاچەنین نەتوانن لە مرۆڤی فشەڵ و گومانلێکراو سیخناخی بکەن و ئەوەندەت نەزانی تا مرۆڤی نەتەوەیی تیایدا شەقاوێک دەیباتە پێشەوە ئەوان دوو شەقاو بۆ دواوەی دەبەنەوە .

ئەمە رووبەکی زۆر جیڕ و بێعاری گەرەکە یەکێک لە کوردستان لای لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی نەکردبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە پاڵەوانی دەیەها داستانی سەرشۆری بێت دژی نەتەوەکەی ، ئەمڕۆ لە هەندەران سنگ هەڵکێشێت و شەش شەش و حەوت حەوت بیداتە بەری و بڵێت < ئەوە ئەزم هەڵدەبەزم >.

کەڵچەری ئێمە لەکاری نەتەوەییدا کەڵچەری حیزبە نا نەتەوەییەکانی کوردستان و هەندەران نیە ، گۆبلز ئاسایی و دۆنکیشۆتانە پێ بکەینە خۆمانەوە و فس فس پاڵەوانانە بڵێین لە ئێمە پێشرەوتر نیە ، رۆژی چەندەها ئاونگ < سەرابی > نەبوو نیشانی نەتەوەکەمان بدەین و ختوکەی قوڕگی وشک بدەین . چیمان پێکرا هەر ئەوەین ، بێگومان هەر وەکچۆن لە پێشدا بۆ بیرەکەمان کارمان کردووە و تاقیکردنەوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی تەمەنمان تەژییە لە بەرهەمی نەتەوەییمان و بە هێمانە پیادەمان کردووە و بێ هاشە و هووشە پێشکەشی مێشک وویژدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان کردووە و نووکە دەرزی لەسەردابنێیت لەبەرەی نەتەوەکەمان لامان نەداوە ، ئاواش لەمەولا دەینەینە بەری و داهێنان و دۆزینەوە و پەی بردن بە رێگای کاریگەری نوێ ی خەباتیش هەر تەنها یار و یاوەری رۆڵەی بە ئەمەکی دایکی گەورەمان **کوردستانە** .

www.kurdistannet.org 17-1-2003

بێزاری خۆمان لە پاڵەوان و کوڕە ئازای داستان و دێوی تاقانە و هەروەها لە گروپ و گروپکاری و دابڕبوون و تۆپەڵ بوونی نارەوای خۆ بە زل زانەکان دەردەبڕین . کەڵچەری ئێمە لە کار و کردەوەی نەتەوەییدا بنیاتنانی هەلومەرجی خودی و بابەتیە ئەبێ لە خۆمانەوە بەرەو بابەت بڕۆین . باوەش بۆ هەموو کوردێک ناکەینەوە ، بە کوردی ئاخاوتن مەرجی کوردبوون نیە . دۆزەکەمان ئەمەندە ناسکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی زۆر وورد هەیە لە کەسایەتیدا بۆ نموونە کەسایەتیەک ئاژاوە لە خانەوادەکەی خۆیدا بنێتەوە و ( رووی دەممان لە ژن و پیاوە ) خێزانەکەی خۆی بترشێنێ بەسەر یەکا و هەر یەکە و پەرەوازەی لایەک بکات ، ئێمە چۆن باوەڕی پێبکەین ئەمە پیتوفەڕی بۆ نەتەوەکەی دەبێت ؟! ئەم کەسایەتییە وێرانە چۆن کاری نەتەوەیی لەتەکدا ئەنجام دەدرێت ؟ ئەی خێزانەکەی بەشێکی نزیکی نەتەوەکەی نیە بە خۆیەوە ؟ جا ئەگەر ئەو بۆ نزیکەکانی خۆی خێرنەداتەوە چۆن باوەڕی پێبکەین ببێتە باخەوانی باخی نەتەوەکەی و چاوەڕوانی بەرهەم و بەراتی لێ بکەین .؟
ئەمە جگە لەوەی ئەمڕۆ ئێمە لە وولاتانی ئەمەریکا و ئەورووپای بەناو دیموکرات دەژین ، هەر هیچ قازانجێکمان نەکرد بێت ئەوەمان پێبڕاوە بینراوە کە بەئازادی دەنگی نەتەوەکەمان دەگەیەنین ودوژمنە رەگەزپەرستەکان دەستەوسانن لەوەی لەزیندانەکانیانا قەتیسمان بکەن و لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا قڕمان بکەن ... ئێستا لێرە هەر ئەوەیان پێ دەکرێت چاو حیزی کورد بکرن و بیانئاخننە تویی رێکخراوە نەتەوەییەکانەوە و بە جۆرێک مەشقیان پێبکەن گومان لە دڵسۆزیان نەکرێت ، کاتێک دەزانین وەک گەنە و کێچ و ئەسپێ گەرای تێدا دەخەن و رەوتی رێکخراوەکە ئیفلیج دەکەن و هەنگاوەکانیان تەنها قاچ هەڵبڕین و قاچ دانانەوەیە ( راوح ) د لە شوێنی خۆیدا .

ئێمە کە دەڵێین ئاگامان لە خشەی مار و مێرووە زۆر لەو بابەتانەمان دەستنیشان کردوو ترۆمان کردن ، دواتر لەچەند بۆنەیەکدا چارشێویان لەسەر لابرا و ئاو دەستنوێژی سەفارەتە روو زەردەکان دەرچوون . تەنانەت لەسەر ئاستی میری و وولاتەکەش ناسێندران نەک هەر کۆمەڵانی نەتەوەکەمان . لێرەشدا ناچار دەبینەوە پەنجە بۆ ئەو هەلومەرجە درێژ بکەین و بیینە مەڕ ئەو گەشتەی کۆنگرە بۆی رەخساندین بەرەو کوردستان بڕۆینەوە کە ساڵەهابوو بەجێمان هێشتبوو ، جا رووی دەممان دەکەینە ئەو نەتەوەییە بەرێزانەی لە گەشتەکەماندا چاومان پێیان کەوت و بەڵێنی کارکردنیاندا لەتەک یەکتردا . پێیان دەڵێیین . ئێمە لە بیروباوەڕەکەمان پشت ئەستوورین و ئەو گفتوگۆیانە لەگەڵیان ئەنجاممان داون هەر سوورین لەسەری و دەیخەینە بواری کارەوە ، چونکە ئەو بەرێزانە بڕوایان بە کەسایەتی ئێمە بوو بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی دۆزەکەمان . لێ سڵیان لە کۆنگرە دەکردەوە ، هەروەها سورین لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی لە رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بەرەو روویان بوینەوە . جا ئەگەر هەندێ خاڵی ئەو گفتوگۆیانە دەستنیشان بکەین ، سەیر دەکەین تەواو پێچەوانەی بۆچوون و ئامانجی کۆنگرەیە . ئێمە کتومت وابەستەی پەیرەو پرۆگرامی کۆنگرەکە نەبووین . بڕیار بوو ئەگەر بە جێمان نەهێشتنایە لە کۆنگرەی داهاتوودا پێیامان لەسەر گۆرانکاریەکی بنچینەیی دابگرتایە ، چونکە کاتێ چووینەوە کوردستان و سەیری هەلومەرجی ئەویمان کرد [ ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ ] کمان بە بیرهاتەوە .

www.kurdistannet.org 17-1-2003

جێگای باسوخواسیشە ئەوەش روون بکەینەوە ، ئەو گەشتەی کوردوستانمان سوودێکی زۆر مەزنی هەبوو بۆمان . زۆر لایەنی شاراوەمان لەلا ئاشکرا بوو ، لە نزیکەوە ئاگادار و شارەزای کۆلانە پێچاوپێچەکانی دۆزەکەمان بووین .

دەبێت لە کاری نەتەوەییدا گرنگییەکی گەورە بە ئەزموونی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان لە ناوەوەی کوردستان بدرێت ، کە دەڵێین کوردستان تەنها باشووری ناگرێتەوە ، چونکە هاوبیرانی باکوور و رۆژهەڵات و تەنانەت هەندێکی رۆژئاواشمان بینی و هەر یەکەیان لە ئێرە پتر قاڵبووی ئەزموونەکان بوون . ئەوان لەناویاندا دەژین و ژیابوون . بەڵام باشووری کوردستان وەک ئاشکرایە ئەمڕۆ بۆتە داینەمۆی بەگەڕخستنی ئەزموونی نەتەوەیی بۆ سەرانسەری کوردستان .

سەبارەت بەوەی ئێمە لە باکووری ئەمەریکا دەژین ، ئەم دووریەمان دووچاری هەندێ هەڵەی کردبووین لە بڕیارەکانماندا ، دەمانویست بە تاکە باڵی ئاوارەیی بفڕین . بەڵام ئێستا هاندان و رەنگدانەوەی کوردستانیشمان باڵەکەی ترە .

دەی ئیزدانی مەزن پشتوپەنای رۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستان بێت و کوردستانیش بپارێزێت .

حەمە رەشید هەرەس　　　　د. ئەحمەد بابەکر میراودەلی

باکووری ئەمەریکا 22.1.2001

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت